Kurdistan Net
Digitally signed by Kurdistan Net
DN: CN = Kurdistan Net, C = NL, O = Omar Faris Aziz,
OU = www.kurdistannet.org
Date: 2004.01.11 00:44:03 +01'00'

# زەمەنی ڕە ش

من لەم ڕێگایە سلۆ دە کە مەوە

من لەم بێ دەنگی یە تۆ قیوم

من لە داخی ئە م زە مە نە نوستوە  خەونم زڕاوە

ئەی کاتە بێ ڕەنگە کان

ئەم زە مەنە زەمەنی کوشتنی سپێتی یە!

من کانی یەك نەبوو

ئازارەکانم لە با وەش بگرێ

نا چار ڕێ ی دەریام گر تە بەر

تۆپێتوایە دەریا لەکانی میهرەبانتر بێت؟!

من پنتی ڕاگیربوون شکنا بەم

دەزانیت چەند زۆرین ئەوانەی لە هە وادا وەستاوین؟

من هە میشە لە گە ڵ پیاوە بچکۆلەکەی ناخی خۆما لە کێشەدام

دێتەسەرئەوەی بەسەری دا زاڵبم

ڕاگەیاندن ودەزگاکانیترچوار مێخە م دەکەن

هە تائەوگرگنە زاڵ بێت

بەسە باچیترسیزیف نە بین

بابەم بەردەوە نەمرین

ئە م بەردە نەفرە تی یە چۆن بووە چارە نوسی ئێمە!

کێ فێری کردین ئولفەت بەم بەر دەوە بگرین

چ دەستێك بووئێمەی هە مووتاك کردەوە ؟

دەزانی چەندئەستەمە هاوڕێ

دراوسێ یەك شکنە بەی کێشە ی کۆڵانی لەگەڵ باسکەیت

ئێمە بەهە موو درۆ یەك بڕوا دە کەین ولەهە موو ڕاستی یەك بەگومانین

دوایش دەڵێین

بونی گو مان دەلیلی زیندوێتی ئێمە یە

ئێمە هە مووکەڕوکاسین

دەناپێویست بوونامەکانی مێروولەمان بخوێندایە تە وە

چ هەڵە یەك بووڕووی دا

بردینی یە وە چ تونی با بایەك (ڕێگاکانی ڕزگاری)١!

چ ئاوی (ئامونێك بوو)٢! شەرابە کانی زیندەگی

کە ئەمدنیایان زەوت کرد........

چە ند خەونێکی قووڵ وخۆشە خەونی باخە کانی بە هە شت

چە ند بەستە زمانە مرۆڤ

گومان ئەویشی بۆنە هێشتەوە

لە پێشانگای ئە م گەردوونا

زەوی جوانترین تابلۆیە

ئێمە ئە م تابلۆیەمان شێوان

بۆیە پێغە مبەرێك ووتی ئە ی کۆمەڵی(ئارۆڤ)٣

خواوەند پاداشتی ئەوە تان ئە داتەوە توانیتان لە ئاژەڵ جیاببنەوە

سزای ئە وەشتان ئەدات نە تان توانی ببنە مرۆڤ .

١ لێرەدا مەبەست ڕێگاکانی ڕزگاری بەشە ریە تە

٢ئاوی ئامون و تونی با با لە ناو چە ی هە ڵە بجە بە کاردێت وە ك هێما بۆ ئەوشوێنەی هەرکەسی تێچوو سەر دەر ناکاو جارێتر نایەتەوە

٣ ئارۆڤ وشە یەکی دا هێنراوی خۆمە(ئاژەڵ +مرۆڤ) ئارۆڤ واتە ئەویونەوەرەی نەئاژە ڵە نە گەشتوە بەپلەی مرۆڤ بوون کەمن پێموایەئێستای بەشە ریە تە.

www.hemn-n@maktoob.com ٢٠٠٣/١٢/١٢ هێمن مام نادر